گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا (1961- 1975)

**د. ڕەفیق ڕەحمان مام خول**
بەشی کارگێڕی، پەیمانگای تەکنیکی پایتەخت، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rafeeq.rahmen@gmail.com

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**ڕێککەوتی توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٤/١
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٥/١٩
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
هەژار موکریانی، شۆڕشی ئەیلوول، پێشمەرگە، ڕاگەیاندنی شۆڕش، ڕۆژنامەگەری

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.4

## پوختە

هەژار موکریانی، یەکێکە لە کەسایەتییەکانی مێژووی کورد، ساڵی 1946 بە هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لە دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، پەیوەندی پێوە دەکات و بە یەکجاری دەچێتە لای بارزانی و بۆ هەمیشە لە لای دەمێنێتەوە.

هەژار موکریانی، لە شۆڕشی ئەیلوول وەکوو پێشمەرگە و ڕۆژنامەوان بەشدار دەبێت و ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی بە تایبەتی لە ڕاگەیاندنی شۆڕش دەبێت، ئەگەرچی هەژار زیاتر بە شاعیر و ئەدیب ناسراوە و کەمتر بە ڕۆژنامەوان ناسراوە.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا، وەك پێشمەرگە و ڕۆژنامەوان بە وردی بخاتە ڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی وەسفی- مێژوویی بەستراوە، لەسەر بنچینەی کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی زانیارییە مێژووییەکان سەبارەت بە ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی هەر یەك لە پرسیارەکانی: هەژار چ ڕۆڵ و نەخشێکی لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە؟ هەژار وەکوو پێشمەرگە لە کوێی شۆڕشی ئەیلوولدا بووە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

هەژار موکریانی، یەکێک لە کەسایەتییە فرەڕەهەندەکانی سەدەی بیستەمی کوردستان، لە سەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. قۆناغی سەرەتای چالاکییە سیاسییەکانی بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکات. لە ماوەی تەمەنی کۆماری کوردستاندا، هەژار وەک یەکێک لە شاعیرە کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە دەرکەوت. کاتێك کۆماری کوردستان ڕووخا هەژار ئاوارەی باشووری کوردستان و عێراق بوو، ئەمەش وەک خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ژیان و چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیدا دادەنرێت و بووە دەروازەیەک بوو بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و ڕۆژنامەوانی لە چوارچێوەی شۆڕشی ئەیلوولدا.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١- ١٩٧٥)، بە شێوەیەکی گشتی تیشك دەخاتە سەر هەژار موکریانی و ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلوولدا، چونکە هەر لە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق و دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول، هەژار دەچێتە پاڵ بارزانی، بە مەبەستی سەرکەوتنی شۆڕش و بەدەستهێنانی مافەکانی کورد.

لە لایەکی دیکەوە هەژار لە ڕاگەیاندنی شۆڕش کار دەکات، چونکە پێشتر لە ڕادیۆ و لە گۆڤاری (نیشتمان)ی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ڕۆڵی هەژار لە شۆڕشی ئەیلوولدا، وەکوو پێشمەرگە و ڕۆژنامەوان ڕوون بکاتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی وەسفی- مێژوویی بەستراوە، لەسەر بنچینەی کۆکردنەوە و پێشکەشکردنی زانیارییە مێژووییەکان سەبارەت بە ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا.

توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی هەر یەك لە پرسیارەکانی: هەژار چ دەور و نەخشێکی لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە؟ هەژار وەکوو پێشمەرگە لە کوێی شۆڕشی ئەیلوولدا بووە؟

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و سێ باس پێك هاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: (ژیانی سیاسی هەژار موکریانی لە ڕۆژهەڵات و ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستان)، کە دوو بابەتی لەخۆگرتووە، بابەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکەم لە ژێر ناونیشانی: (ژیانی سیاسی هەژار موکریانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، کە تێیدا باس لە پەیوەندی هەژار موکریانی بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، بابەتی دووەم بە ناونیشانی: (ئاوارەبوونی هەژار موکریانی بۆ باشووری کوردستان)، تێیدا باس لە ئاوارەیی و مانەوەی هەژار لە باشووری کوردستان و عێراق کراوە.

باسی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە: (پێشمەرگایەتی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا)، تێیدا باس لە هەژار موکریانی وەك پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول کراوە.

باسی دووەم بە ناونیشانی: (ڕۆڵی هەژار موکریانی لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا)، تێیدا سێ بابەتی لەخۆگرتووە، بابەتی یەکەم لە ژێر ناونیشانی: (کار کردنی هەژار لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان)دا، کە تێیدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری هەژار لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان کراوە. هەرچی بابەتی دووەمە تایبەتە بە: (کار کردنی هەژار لە ڕۆژنامەوانی شۆڕش و چاپخانە)، کە لە بارەی کار کردنی هەژار لە ڕۆژنامەوانی شۆڕش، بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی خەبات و التاخی و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە کراوە، هەروەها باس لە کار کردنی هەژار لە چاپخانەی شۆڕش کراوە. کۆتا بابەتی باسی دووەمیش لە ژێر ناونیشانی: (ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی هەژار موکریانی لە نێوان ساڵانی (1970- 1974))، تێیدا باس لە کار کردنی هەژار لە چاپەمەنییەکانی ئەو کاتە بە تایبەتی لە گۆڤارەکاندا کراوە.

باسی سێیەم بە ناونیشانی: (بارودۆخی هەژار موکریانی لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا)، تێیدا باس لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە لای هەژار موکریانی و گەڕانەوەی بۆ ئێران کراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

توێژینەوەکە پشتی بە چەندین سەرچاوەی جیاوازی گرنگ بەستووە، بۆ نموونە: کتێبی (چێشتی مجێور)، لە نووسینی هەژار موکریانی (1392). کتێبی (هەژار لە لووتکەدا، بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار)، لە نووسینی حەکیمزادە (1399). کتێبی (هەژار موکریانی، ژیان و ڕەنگدانەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا)، لە نووسینی زامدار ئەحمەد (2023). ماستەرنامەی بڵاونەکراوە: (هەژار موکریانی: ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری (1921-1991))، لە نووسینی هەمزە ئەحمەد عەبدوڵڵا (2022). جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەکانی پێشوودا پەیوەستە بە جەختکردنەوەی تایبەت لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگایەتی و ڕۆژنامەوانی هەژار لە شۆڕشی ئەیلوولدا، کە لە توێژینەوەکانی پێشوودا بە وردی نەخراوەتە ڕوو.

## دەروازە: ژیانی سیاسی هەژار موکریانی لە ڕۆژهەڵات و ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستان:

### یەکەم: ژیانی سیاسی هەژار موکریانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

پێش ئەوەی باس لە ڕۆڵی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بکەین، پێویستە سەرەتا ئاوڕێک لە ژیانی سیاسی و پێشینەی خەباتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە. ئەم پێشینەیە گرنگە، چونکە ئەزموونی سیاسی و کاری ڕۆژنامەوانی هەژار لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆڵی دواتری لە شۆڕشی ئەیلوول هەبووە.

ئەم کەسایەتییەی مێژووی هاوچەرخی کورد، عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی مستەفا، کە دواتر بە (هەژار موکریانی) ناسرا، لە ٩ی تەمموزی ساڵی ١٩٢١ لە گەڕەکی خڕێی مەهاباد لەدایکبووە. خێزانەکەی لە دوو برا بە ناوەکانی سادق و عەبدوڵڵا و خوشکێک بە ناوی زێنەب پێک هاتووە (موکریانی، ١٣٩٢: ٩- ١٢). دواتریش خۆی بووە خاوەنی چوار کوڕ بە ناوەکانی: شێرکۆ (محەممەد)، مستەفا (ئاگری)، زاگرۆس و خانی (ئەحمەد- ب، ٢٠٢٣: ٩٦).

لە سەردەمی منداڵیدا، هەژار هاوشێوەی منداڵانی دیکەی ناوچەی موکریان، خوێندنی ئایینی لە حوجرە و تەکیەکان خوێندووە (ئەحمەد- أ، 2023: 28)، بەڵام بە مەرگی باوکی، ژیانی بەرەو ئاقارێکی تر چوو. لەم بارەیەوە لە چێشتی مجێوردا دەنووسێت: "قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە ڕۆژێك باوکم دەمرێت و بە سەری شلکی هەتیو دەبم. تاسام، واقم وڕ ما، فرمێسك لە چاومدا قەتیس ما. گریانم نەدەهات، خەمێکی تەماوی دەوری سەری دابووم. دونیام باش نەدەدیت. منداڵ دەگریان گوێم لێ بوو خوشکم بە براکەمی گوت خەم مەخۆ، کاکمان لە جێی بابمانە، بەو قسەیە گریام، ئەمما گریان. بۆیە بەو پەڕی نائومێدییەوە چووم لە (وشتەپە) کتێب و سیپاڵەکەم هێنایەوە و مۆرم بە دەرگای خوێندن و فەقێیەتییەوە نا" (موکریانی، 1392: 30- 31). بەو مانایەی تا ئەو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتەی هەژار، باوکی لە ژیاندا ماوە، لە خوێندن بەردەوام بووە، بەڵام کاتێك باوکی کۆچی دوایی کردووە و ئەرکی بەخێو کردنی خوشك و براکانی کەوتووەتە ئەستۆ وازی لە خوێندن هێناوە.

هەژار، دوای وازهێنان لە خوێندن، لەگەڵ کار کردن بۆ بەخێو کردنی خوشك و براکانی، لە گەنجێتییەوە پەیوەندی بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کردووە. لە سەرەتادا پەیوەندی بە (حیزبی ئازادیخوازی کورد(1)) کردووە، کە ئەو کاتە تەنیا حیزبی سیاسی و یەکەمین کۆمەڵە بووە لە ناوچەکەدا. لەم بارەیەوە لە چێشتی مجێوردا دەنووسێت: "کاتێك ڕووس هاتن شیرازەی دەوڵەت لە موکریان هەڵوەشا، عەزیز زەندی ناوێك، کە بە عەزیز ئەڵمانی ناسرا... گوتی: بە سەرۆکی خۆم حیزبی ئازادیخوازی کورد دروست دەکەم، بێ لام و جیم قبووڵمان کرد" (موکریانی، ١٣٩٢: ٥١). پەیوەندی هەژار بە حیزبی ئازادیخوازی کورد، بە یەکەمین پەیوەندی هەژار بە کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژمار دەکرێت.

دوای کۆتایی هاتنی چالاکی حیزبی ئازادیخوازی کورد و پاش ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزا شا (1925-1941)، یەکەم ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٢ بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ناسراو بە (ژ- ک)، دروست بوو (بازیار، ٢٠٢٠: ٥٨). هەژار سەبارەت بە پەیوەندی خۆی بەم کۆمەڵەیەوە دەنووسێت: "جارێك زەبیحی لەگەڵ خۆی بردمیە ماڵی پیاوێك بە ناوی خاڵە مەلا... گوتیان ئێمە دەبینە ئەندامی حیزب و دەبێت ئاگامان لە یەکتر بێ" (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٨).

لە ماوەی چالاکی لە (ژ- ک)دا، هەژار لە ئەندامێتییەوە گەیشتە ئاستی بەرپرسیارێتی و بڕیاردان. بۆ نموونە: لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ کرایە ئەندامی نوێنەرانی کۆمەڵە بۆ گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرایەتی (حیزبی هیوا(2)). کۆبوونەوەکە لە دامێنی چیای داڵانپەڕ، لای دزەی مەرگەوەڕ ئەنجام درا و لە کۆتاییدا هەردوولا لە سەر ١٢ خاڵ ڕێککەوتن و ناوی لێ نرا پەیمانی سێ سنوور (موکریانی، ١٣٩٢: ٥٧؛ حەکیمزادە، ١٣٩٩: ٦٤). دەکرێت بڵێین: هەر لە سەرەتای دامەزراندنی (ژ- ک)ەوە، هەژار وەک ئەندام توانیویەتی متمانەی ڕێکخراوەکە بەدەست بهێنێت. دواتر ئەم متمانەیە گەشەی کردووە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لە گرنگترین پرسە سیاسییەکانی وەک پەیمانی سێ

سنوور، کە پەیوەندی بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەو کاتەوە هەبووە، ڕۆڵی سەرەکی پێ بسپێردرێت.

لە دوای کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە سەر داروپەردووی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە مەهاباد دامەزرا (بازیار، ٢٠٢٠: ٨٥). هەژار لە سەرەتاوە بوو بە ئەندامی ئەم حیزبە و وەکوو نوێنەری شاری بۆکان بەشداری یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە مەهاباد کرد (حەکیمزادە، ١٣٩٩: ٩٣).

دوای سەرکەوتنی کۆنگرە، قازی محەممەد داوای لە هەژار کرد لە بۆکانەوە بچێتە مەهاباد (موکریانی، ١٣٩٢: ٧٢). ئیدی لە دوای ئەو کاتەوە چالاکییەکانی هەژار فرەلایەن بوون، بە نموونە: لە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ١٨ بابەتی لە شێوەی شیعر و وتار بڵاو کردەوە (ئەحمەد- ج، ٢٠٢٣: ٦٣).

لە بواری شیعر و ئەدەبدا، هەژار و هێمن موکریانی وەکوو دووانەیەکی لێکدانەبڕاو هەمیشە پێکەوە بوون. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بە تایبەتی لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە، ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبوو، هەر بۆیە لە لایەن قازی محەممەد وەکوو شاعیری نەتەوەیی ناسێنران (ئەحمەد- أ، ٢٠٢٣: ٩٤).

لەگەڵ سەرهەڵدانی مەترسی بۆ سەر کۆمار، هەژار هەتا کۆتایی وەفادار بە کۆماری کوردستان مایەوە، بەڵام کاتێك کۆمارەکە ڕووخا، ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو باشوور جێ بهێڵێت (موکریانی، ١٣٩٢: ٧٨). ئەم ڕووداوە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی سیاسیی هەژاردا، لە دوای ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دوور کەوتەوە و لە بەرامبەردا بۆ هەمیشە لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولدا بەردەوام بوو.

بەم شێوەیە دەبینین هەژار موکریانی پێش شۆڕشی ئەیلوول، لە ڕێگەی پەیوەندی بە ڕێکخراوە سیاسییەکان و کارکردنی لە ڕۆژنامەی کوردستان و بەشداری چالاکانەی لە کۆماری کوردستاندا، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی سیاسی و ڕۆژنامەوانی بەدەست هێنا. دواتر ئەم ئەزموونانەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەکار هێنان و توانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بواری ڕاگەیاندن و خەباتی سیاسیدا ببینێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستان، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی هەژار کە لە باسەکانی داهاتوودا تیشکی دەخەینە سەر.

**دووەم: ئاوارەبوونی هەژار موکریانی بۆ باشووری کوردستان:**

سەردەمی ئاوارەیی هەژار موکریانی لە باشووری کوردستان و عێراق، قۆناغێکی هەستیار و گرنگە لە ژیانیدا. ئەم قۆناغە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دەست پێ دەکات و هەتا گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول درێژە دەکێشێت. گرنگی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە تێیدا هەژار چەندین ئەزموونی تاڵ و شیرینی بینی و ژیانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی تێ پەڕاند، لە کارکردن وەک کرێکارێکی سادە لە بەغدا، تا گەیشتن بە پێگەیەکی بەرز لە تەنیشت بارزانیدا. توێژینەوە لەم قۆناغە یارمەتیمان دەدات باشتر لە کەسایەتی هەژار و هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە تێ بگەین.

سەرەتای ئەم قۆناغە کاتێک دەستی پێ کرد، کە هەژار بە هۆی ڕووخانی کۆماری کوردستان، ناچار بوو لە بۆکانەوە گوند بە گوند ڕووەو سنووری عێراق بڕوات، ئینجا چووە سلێمانی و دوای ماوەیەکی کەم گەیشتە بەغدا (موکریانی، ١٣٩٢: ٨٧؛ حەکیمزادە، ١٣٩٩: ٢١؛ حەوێز، ٢٠٠٨: ٤). لەوێ ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و دەردەسەری بینیوە. لە چێشتی مجێوردا باسی خراپی بارودۆخی خۆی و سەختی کارکردنی کردووە. بۆ نموونە دەنووسێت: "ڕۆژێك ناردیانمە شوێنێکی دوور کە قاڵبە سەهۆڵیان بۆ بێنم، پێخواس بووم، عەرزی خەیابان (شەقام) لاقی دەسووتاندم... خاوەن ڕێستۆران گوتی: ئافەریم زوو هاتیەوە ئەوجار هەر تۆ دەنێرم" (موکریانی، ١٣٩٢: ١١٢). ئەم نموونەیە لە نێو دەیان نموونە، کە هەژار باسی کردووە، دەرخەری ئەوەیە کە هەژار بە هۆی کار کردنی لە بەغدا، تووشی ناڕەحەتی و دەردەسی زۆر بووەتەوە، ژیانێکی سەخت و قورسی بەڕێ کردووە.

لە درێژەی ڕۆژە سەختەکانی بەغدا، هەژار چەندین کاری جیاوازی تاقی کردەوە. ماوەیەك لەبەردەم هۆتێلی گەورە حەمباڵی کرد، جانتا و کەلوپەلی هاووڵاتییانی بار کرد، ماوەیەکیش کاری وێنەگرتنی کرد. هەروەها بۆ کارکردن چووە کووت و لەوێشەوە چووە نوعمانیە، بەڵام دواتر گەڕایەوە. بە هۆی ئەم کارە قورسانەوە تووشی نەخۆشی سیل بوو و ناچار کرا بەرەو لوبنان بڕوات و ماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە (موکریانی، ١٣٩٢: ١٣٣؛ ئەحمەد- ب، ٢٠٢٣: ٤٦). لە ڕاستیدا هەژار سەرباری خراپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باروودۆخ و ژیانی و دووربوونی لە خێزان و منداڵەکەی، بە دەست نەخۆشی ناڵاندوویەتی، کە ئەمەش هێندەی دیکە ناڕەحەتی کردووە.

لە نێوان ناڕەحەتی و نەهامەتییەکانیدا، دەرفەتی گەشتکردن بۆ هەژار ڕەخسا و توانی سەفەری چەند وڵاتێک بکات. لەوانە: ساڵی ١٩٥٣ لە فێستیڤاڵی لاوانی جیهان لە بوخارێستی پایتەختی ڕۆمانیا بەشدار بوو. ساڵی ١٩٥٦ چووە سووریا و ماوەیەك لەوێ مایەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ سەردانی مۆسکۆی کرد (حەکیمزادە، ١٣٩٩: ٢١).

خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی هەژاردا گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بوو بۆ عێراق. لە چێشتی مجێوردا دەنووسێت: "دوای ئەوەی بارزانی گەڕایەوە و لە هوتێلێك دابەزی، بەر لە هەر کەس لە من و زەبیحی پرسیوە... فەرمووی: دوو سەعاتم بە دیاری بۆ هێناون، بۆ کەسی تر هیچم نەهێناوە" (موکریانی، ١٣٩٢: ٢٥٣- ٢٥٤). بە خوێندنەوە بۆ ئەم دەقەی هەژار دەردەکەوێت کە مستەفا بارزانی، هەژاری بە کەسی نزیکی خۆی داناوە و زانیوە، بۆیەش هەژار هەمیشە لە لای بارزانی بووە، کەواتە ئەم ڕووداوە سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بوو لە باروودۆخی هەژاردا.

لە ڕاستیدا ئەم بایەخ پێدان و نزیکایەتییەی بارزانی وای کرد پەیوەندی هەژار بە شۆڕشی ئەیلوولەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕابەرایەتی بارزانییەوە هەبێت. زێنەبی خوشکی هەژار لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەژار زۆری حەز لە حیزبایەتی نەبوو، باوەڕی وا بوو حیزبایەتی بەربەستی بۆ دروست دەکات. خۆ ئەگەر عەشقی بارزانی نەبووایە، هەرگیز لەگەڵ پارتیش نەدەبوو" (مازووچی، ٢٠١٥: ١٧).

بە هۆی ئەم پەیوەندییە تایبەتەوە، هەژار موکریانی بە درێژایی ساڵانی شۆڕش لە پاڵ بارزانی و شۆڕشەکەی مایەوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی هات، گەڕایەوە ئێران و لە کەرەج نیشتەجێ بوو. لەوێ پتر سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕان بوو (سپهرالدین، ١٣٩٤: ٣٠٢)، هەتا ڕۆژی یەکشەممە ١٩٩١/٢/٢٢ لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لە تارانەوە بردەوە مەهاباد و لە گۆڕستانی باغی فیردەوس بە خاکیان سپارد (ابراهیمی، ١٣٩٣: ١٥٧).

بەم شێوەیە دەبینین کە قۆناغی ئاوارەیی هەژار، سەرەڕای سەختی و نەهامەتییەکانی، بووە هۆی دروستبوونی وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانیدا. گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت و پەیوەندی

نزیکی هەژار پێیەوە، کۆتایی بە سەردەمی ئاوارەیی و سەرگەردانی هێنا. هەر ئەم پەیوەندییە بوو، کە دواتر بووە هۆی ئەوەی هەژار ببێتە یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵێکی بەرچاو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا ببینێت.

## باسی یەکەم: پێشمەرگایەتی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوولدا:

پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی پێشمەرگایەتی هەژار موکریانی، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەژار لە شۆڕشی ئەیلوولدا تەنیا پێشمەرگەیەکی ئاسایی نەبوو. ئەو کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوو کە بیری نەتەوەیی و خەباتی چەکداری تێکەڵ کردبوو. باوەڕی قووڵی بە ڕێبەرایەتی بارزانی و گرنگی خەباتی چەکداری، کاریگەری لەسەر شێوازی پێشمەرگایەتییەکەی هەبوو. لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو ڕۆڵە تایبەتەی هەژار لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لە چۆنیەتی بەشداریکردنی لە شەڕە چەکدارییەکان، تا ئەو ئەرکە تایبەتانەی کە بارزانی پێی دەسپارد.

ئەم باوەڕە قووڵەی هەژار لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتنێکی تایبەتەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە ئەو شێوازێکی تایبەتی لە خەباتی نەتەوەییدا هەبوو. ئەو چارەنووسی کوردی بە سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە دەبەستەوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەم سەرۆکەی لە کەسایەتی قازی محەمەددا دەبینی، دواتر و لە دوای ڕووخانی کۆمار و گەڕانەوەی بارزانی، ئەم ڕۆڵەی لەودا دۆزییەوە. خۆشەویستی هەژار بۆ بارزانی گەیشتە پلەیەکی گیانی و بوو بە جۆرە پەرستنێك، کە سەرچاوەکەی بیری کوردایەتی هەژار بوو (خەزنەدار، ب 7، ٢٠٠٦: ٣٧٨). ئەمە نیشاندەری بیرکردنەوەیەکی قووڵە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاک و ڕابەر لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا. هەژار لە تێڕوانینیدا بۆ خەباتی نەتەوەیی، لە جیاتی بیرۆکەی خەباتی بێ ڕابەر، یان سیستەمی حیزبایەتی، باوەڕی بە پێویستی بوونی کەسایەتییەکی کاریزمایی هەبووە، کە وەک سیمبولێک بتوانێت هێز و ویستی نەتەوەیی لە خۆیدا کۆ بکاتەوە.

بەهۆی ئەم دیدگا تایبەتەیەوە، هەژار موکریانی بە تەواوی پەیوەست بوو بە بارزانییەوە و بە تاکە ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی دەزانی. کاتێك شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد، هەژار لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەغداوە کاری نهێنی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد (موکریانی، ١٣٩٢: ٣١٨) و تا ساڵی ١٩٦٣ لە بەغدا مایەوە، لەوێوە خزمەتی شۆڕشی دەکرد، پەیامی بارزانی بە باڵیۆزخانەی میسر دەگەیاند و ئامێری چاپەمەنی بۆ شۆڕش پەیدا دەکرد (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦٨- ٦٩). ئەگەرچی هەژار لە دوو ساڵی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بەشداری ڕاستەوخۆی لە شۆڕشدا نەبوو، بەڵام کەمتەرخەمی لە یارمەتیدانی شۆڕش نەنواند و هەرچی لە توانایدا بوو ئەنجامیدا.

کوودەتای بەعسییەکان لە هەشتی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ سەرەتای دەست پێ کردنی خوێنڕێژی لە بەغدا بوو (مام خول، ٢٠٢٢: ٣٦)، هەروەها وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی هەژاردا. ئەم ڕووداوە وای کرد بەرەو کوردستان بڕوات و ڕاستەوخۆ بچێتە ناو سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە. لە سەرەتای هاتنی بۆ کوردستان، دەسەڵاتی نوێی بەعس بە چاوساغی چەکدارە کوردەکان هێرشی کردە سەر کوردستان و بەرەو چیای سپیلك و سنوورەکە چوو، لەو کاتەدا هەژار هاوشانی پێشمەرگەکان بەرگری کرد. لە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکاندا، کاتێک لە بنکەیەکی پشتی گەلی عەلی بەگ بوو، لەگەڵ پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر فەوجی خەلیفان. لەو پێکدادانەدا تۆپێك بەر بارەگاکە کەوت و پێشمەرگەیەك لە تەنیشت هەژارەوە گیانی لەدەستدا. سەرەڕای بەشداری لە شەڕەکاندا، هەژار ئێوارەی هەموو ڕۆژێك هەڵوێستی شەڕ، زەرەر و زیانی گیانی و ماددی لەشکری عێراق و پێشمەرگەی دەنووسی و بۆ مستەفا بارزانی دەنارد (موکریانی، ١٣٩٢: ٣٤٢-٣٤٣؛ عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٧٦). ئەمە دەری دەخات کە هەژار نەک هەر شاعیر، ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرێکی سەردەمەکە بوو، بەڵکوو لەو کاتانەشدا کە پێویستی کردبێت، وەک پێشمەرگەیەک لە بەرەی پێشەوەی شەڕ و بەرگریدا بووە.

هێرشەکانی حکومەت لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارتری بە خۆیەوە بینی. سەرەتا فڕۆکەکان بۆردوومانی ناوچەکەیان دەکرد، دواتر هێرشی زەمینی بە چڕی بۆ سەر سنووری خەلیفان و سپیلك دەستی پێ کرد. ئامانجی سەرەکی ئەم هێرشانە لە ناوبردنی مستەفا بارزانی بوو. لەو کاتەدا هەژار و چەند کادیر و پێشمەرگەیەکی دیکە گەیشتنە ناوچەکە. ئیدریس بارزانی ڕێنوێیی کردن و پێشمەرگەیەکی وەک ڕێنیشاندەر لەگەڵیان ناردە سەر زێی بادینان، بۆ ئەوەی بیانپەڕێنێتەوە بۆ ئەو بەری ڕووبار و بیانگەیەنێتە گوندی پیرەکەپر و چیای پێرس. پەڕینەوە لە زێی بادینان کارێکی پڕ مەترسی بوو، چونکە ئاوەکە زۆر بوو و پێشمەرگەش تەنیا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەرەستەی زۆر سەرەتاییان پێ بوو، کە چەند کوندەیەکی بەیەکەوە بەستراو؛ لە پێستی ئاژەڵ و مەشکە دروست کرابوو. مەترسی وەرگەڕان و خنکان زۆر بوو. هەژار لە کاتی پەڕینەوەدا گوتی: "ئەو جارە بکەوینە ناو ئاوەکە ئیتر هەرگیز سواری کەڵەك نابینەوە"، مەبەستی ئەوە بوو کە دەخنکێن. سەرەنجام توانیان بپەڕنەوە و بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٧٧).

لە چوارچێوەی ئەم بەرگرییە سەختەدا، بارزانی ئەرکێکی هەستیاری بە هەژار سپارد. مەسعوود بارزانی لەم بارەیەوە دەنووسێت: "بارزانی ناچار بوو دۆستی شاعیر و ئەدیبی خۆی هەژاری موکریانی، بە ناوی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی ناوچەکەوە نارد بۆ ناوچەی شێخان، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە ڕێگەی ژمارەیەك سەرۆك جاشەوە کە لەگەڵ شۆڕش هاوکارییان هەبوو، هەندێك فیشەك بکڕێت. ئەم دۆستەی بارزانی ئەرکەکەی سەرشانی بە سەرکەوتوویی و لێهاتووییەکی واوە جێبەجێ کرد، کە هیچی لەو سەرکەوتوویی و لێهاتووییەی کەمتر نەبوو کە لە هۆنینەوەی چەکامەی شیعر و دانانی کتێبی بە نرخدا هەیبوو" (بارزانی، ب 1، ٢٠٠٤: ١٤٠). ئەمە بەشێکی گرنگی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ دەردەخات، کە لە کەسایەتی هەژاردا بەرجەستە بووە. لە لایەکەوە تێگەیشتنی بارزانی بۆ توانا فرەڕەهەندەکانی هەژار نیشان دەدات، کە تەنیا وەک شاعیر و ڕۆشنبیر نەیبینیوە، بەڵکوو وەک کەسێکی لێهاتوو لە کاری سیاسی و کارگێڕیشدا متمانەی پێ کردووە، بە تایبەتی لە سپاردنی ئەم ئەرکە هەستیارەی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕش لە کاتێکدا کە شۆڕش لە تەنگژەیەکی سەختدا بووە. لە لایەکی دیکەشەوە، سەرکەوتنی هەژار لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا، سەلماندنی ئەو متمانەیە بوو کە بارزانی پێی بەخشیبوو.

ئەم ڕۆڵە تایبەتەی هەژار لە شۆڕشدا، لە شایەتیی هاوڕێکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. بارزان مەلا خالید، هاوڕێ و دۆستی نزیکی هەژار موکریانی لە شۆڕشی ئەیلوول، دەڵێت: "هەژار موکریانی پێشمەرگەیەکی نەتەوەیی بوو، لە هەر شوێنێکی کوردستان غەدرێك کرابێت، لە هەر پارچەیەکی کوردستان ڕووداوێك ڕووی دابێت، بە جواب هاتووە و بە شیعر بەرگری کردووە" (مەلا خالید، ٢٠٠٥: ١٦١).

ئەم نەتەوەییبوونەی هەژار لە ئازایەتی و چاونەترسییەکی تایبەتیشدا خۆی دەردەخست. لە کاتی بۆردوومانی فڕۆکە و تۆپبارانی بەرەکانی شەڕ، بە بوێرییەوە دەچووە سەر لووتکەی چیا بەرزەکان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەینووسی، ئەم کارەی وای کرد مستەفا بارزانی و هاوڕێیانی سەرکۆنەی بکەن (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٧٧-٧٨). نموونەیەکی زیندوو لەم چاونەترسییەی هەژار لە شایەتییەکی بارزان مەلا خالیددا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: "هەژار پێشمەرگەیەکی نەترس بوو، زۆربەی جاران لە گەرمەی بۆمبارانەکاندا نەك لە ئەرك و شوێنی خۆی نەدەجووڵا، بەڵکوو لە نووسین و بیرکردنەوە و چا خواردنەوە و جگەرەکێشان نەدەکەوت. لەگەڵ تەیارەکاندا دەنگی دەداین و بەرەو پەناگە و کونە تەیارەکان غار دەین و بە گاڵتەوە پێی دەگوتین: ئەرێ وەڵڵا کاتی خۆی باپیریشتان بە تەیارە چووە!" (مەلا خالید، ٢٠٠٥: ١٦٣- ١٦٤).

فەلەکەددین کاکەیی، شایەتحاڵێکی دیکەی ئەم ئازایەتییە، کە لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ زیاتر لە هەژار نزیك بووەوە، ئەزموونێکی هاوشێوە دەگێڕێتەوە: "هەژار کەسایەتییەکی خۆڕاگر و بڵندی هەبوو، کاتێك فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بە ئاسمانی چۆمان و حاجی ئۆمەران دەسووڕانەوە، ئێمە مانان زۆربەمان خۆمان دەشاردەوە، کەچی مام هەژار لە سەر تاشەبەرد دادەنیشت و نەدەجوولایەوە... جارێك لەم بارەیەوە لێم پرسی، گوتی: ئەوە لە بارزانی فێر بووم" (کاکەیی، ٢٠٠٩: ٥٨). ئەم تایبەتمەندییەی هەژار ڕەنگدانەوەی کاریگەریی بارزانی بوو بەسەرییەوە، هەر وەك خۆی دانی پێدا ناوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم بوێری و ناوبانگەیدا، هەژار وەکوو کەسێکی ناسراوی ناو شۆڕشی ئەیلوول، کەوتبووە ژێر چاودێری (دەزگای هەواڵگری ساواک[3])ی ئێران. ئەم دەزگایە، کە زیاتر کاری لەسەر کادیرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان دەکرد، فشاری زۆری بۆ سەر شۆڕش هێنا بۆ ڕادەستکردنەوەی هەژار. مستەفا بارزانی بە هەژاری گوت: "ئێران زۆر داوات دەکەنەوە، بەڵام ئێمە نکۆڵیمان کردووە، لەبەر ئەوە دەبێت کەمتر خۆت دەربخەیت." ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەژار یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوول (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٨٨- ٨٩).

پارێزگاریکردنی بارزانی لە هەژار تەنیا لە بەرامبەر ساواکدا نەبوو، بە نموونە: جارێکیان لە کاتی شەڕدا، لە بارەگای لێرەبیریێ نزیک چیای شیرین، بارزانی تەلەگرافی بۆ هەژار نارد و پێی گوت: "بۆیە تەلەگرافم بۆ کردی تا بگەڕێیتەوە، چونکە مەترسی ئەوە هەیە بە شێوەی نهێنی و بە دەستی ناوخۆ بتکوژن، لەبەر ئەوە لەو بەرەی شەڕ دوور بکەوە" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٨١). کەواتە بارزانی وەک

پەناگەیەکی مەعنەوی و سیاسی، پارێزگاریی تەواوی لە هەژار کرد. تەنانەت کاتێک دەزگایەکی بەهێزی وەک ساواک داوای ڕادەستکردنەوەی هەژاری لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد، بارزانی بە توندی ڕەتی کردەوە. ئەم هەڵوێستە مرۆڤدۆستانەیەی بارزانی وای کرد هەژار هەموو ئومێد و سەلامەتی ژیانی لە پەناهەندەیی و لە کوردستان بە نزیکبوونەوە لە بارزانییەوە ببەستێتەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش یەکێک بووبێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو وەفاداری و پەیوەست بوونە قووڵەی هەژار بە بارزانییەوە.

شۆڕشی ئەیلوول، کە هەژار ڕۆڵی تێیدا بینی، بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕی، لە قۆناغی پێکدادانی چڕی نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگە، تا قۆناغی دانوستان و ئاشتی. دواجار بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ قۆناغێکی نوێی چوار ساڵە دەستی پێ کرد (ئەلعامری، ٢٠٢١: ٢٨٠)، بەڵام لە ساڵی 1974 ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ نەکرا و شەڕ دەستی پێ کردەوە، بەڵام هەژار بە هەمان شێوەی پێشوو یارمەتیدەری شۆڕش بوو. لە چێشتی مجێوردا دەنووسێت: "لە دەست پێ کردنەوەی شۆڕش بڕیارمدا هەر چۆنێک بێ دەگەڵ تەرەفدارانی بارزانی لە بەغدا کار بکەم و یارمەتی و دەرمان بۆ لەشکر کۆکەمەوە و بە دوور لە چاوی دەوڵەت و پۆلیس بژیم" (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٠٩). کەواتە هەژار بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول، بەپێی داواکاری و پێویستی، ڕۆڵی جیاوازی گێڕا، وەک پێشمەرگە لە شەڕی چەکداری بەشداری کرد.

بەم شێوەیە دەبینین کە پێشمەرگایەتی هەژار موکریانی چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی لەخۆگرتبوو. ئەو لەسەر بنەمای باوەڕێکی قووڵ بە بارزانی و شۆڕش بەشداری کرد و سەرەڕای مەترسی و هەڕەشەکانی ساواک، بە چاونەترسی و ئازایەتییەوە لە سەنگەرەکاندا مایەوە. هاوکات، توانی لەگەڵ شەڕی چەکداری، ڕۆڵی گرنگ لە بوارەکانی تریشدا ببینێت. هەر ئەم تایبەتمەندی و توانایانەی هەژار بوو کە وای کرد دواتر ببێتە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش و ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرەوپێشبردنی میدیای شۆڕشدا ببینێت.

## باسی دووەم: ڕۆڵی هەژار موکریانی لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەرچەندە هەژار موکریانی زیاتر وەک شاعیر و ئەدیب ناسراوە، بەڵام ڕۆڵی لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا کەمتر نەبووە لە بوارەکانی دیکەی خەباتدا، ئەو لە ماوەی شۆڕشدا توانی ئەزموونی پێشووی لە بواری ڕۆژنامەوانی و زمانەوانی بخاتە خزمەت ڕاگەیاندنی کوردییەوە. ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی هەژار لە میدیای شۆڕش، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات و چاپخانەی شۆڕش.

ئەم ڕۆڵە گرنگەی هەژار لە ڕاگەیاندنی شۆڕشدا بێ پێشینە نەبوو، چونکە هەژار پێش شۆڕشی ئەیلوول، لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ئەزموونێکی فراوانی هەبوو. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە چڕی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا کاری کردبوو. بۆ نموونە لە گۆڤاری نیشتمان، ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤارەکانی هاواری کورد، ئاوات، هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵانی کورد بابەتی بڵاو کردبووەوە (ئەحمەد، أ، ٢٠٢٣: ١٥٧- ١٦٣).

بە درێژایی ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە، هەژار لە بوارەکانی دی ڕاگەیاندنیشدا کاری کردبوو. ماوەیەک لە ڕادیۆی پیشەوەری لە تەورێز بەرنامەی هەبوو. دوای ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستانیش، هەژار لە کاری ڕۆژنامەوانی بەردەوام بوو. لە گۆڤاری ڕزگاری و ڕۆژنامەی کوردستان کاری کرد (موکریانی، ١٣٩٢: ٧٠، ١٦١، ٣١٥). ئەم شارەزایی و ئەزموونە دەوڵەمەندەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، زەمینەیەکی باشی بۆ ڕەخساند تاکوو دواتر ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا ببینێت.

## یەکەم: کار کردنی هەژار لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان:

لە یەکەم و گرنگترین ئەو دەزگایانەی کە هەژار تێیدا ڕۆڵی گێڕا، (ڕادیۆی دەنگی کوردستان[4]) بوو. ئەم ڕادیۆیە، وەك دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی لە گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە جەماوەر گێڕا. لەم چوارچێوەیەدا، هەژار موکریانی بەشداری کاریگەری لە بەهێزکردنی پەیامی ڕادیۆکەدا هەبوو.

گرنگی ئەم ڕۆڵەی هەژار لە سروشتی خودی ڕادیۆکەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە ڕادیۆ وەک بەشێکی گرنگی ڕاگەیاندن و میدیای بیستراو، نەخشێکی بەرچاوی لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دامەزراندنی ڕادیۆیدا و لە ٢٠ی ئابی ساڵی ١٩٦٣، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ئەشکەوتی گردەڕەشی ماوەت بە گوتەیەکی بارزانی دەستی بە پەخش کرد (ساڵح، ٢٠٠٧: ٩٦- ٩٧).

لە ماوەی کارکردنیدا، پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستان تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕی، کە دەکرێت قۆناغەکانی مێژووی دەنگی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەم شێوەیە بخەینە ڕوو. قۆناغی یەکەم: ماوەی 20ی ئابی ساڵی 1963 تا 10ی شوباتی ساڵی 1964، لەوە بەدواوە ڕادیۆ دەوەستێت. قۆناغی دووەم: لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ساڵی 1965 دەستی پێ کردەوە و تا 29ی حوزەیرانی ساڵی 1966 بەردەوام بوو. قۆناغی سێیەم: لە هاوینی ساڵی 1968 ڕادیۆ دەست بە پەخش کردەوە و تا دوای نەورۆزی ساڵی 1970 بەردەوام بوو، لەوە بە دواوە بە هۆی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 پەخشی ڕادیۆ وەستا. قۆناغی چوارەم: لە 29ی ئاداری ساڵی 1974 تا 17ی ئاداری ساڵی 1975 لە پەخش بەردەوام بوو (عوسمان، ٢٠١٣: ٩٠- ١٢٢).

لە نێوان ئەم قۆناغە جیاوازانەدا، هەژار موکریانی لە قۆناغی دووەمی پەخشی ڕادیۆ (ئاداری ١٩٦٥-٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦) دەستی بە کارکردن کرد. ئەمەش لە ساڵی 1965دا بوو، کاتێک سەردانی مەکتەبی سیاسی لە گوندی هەڵشۆی پشدەر کرد، مەحموود عوسمان داوای لێ کرد لە ڕاگەیاندنی شۆڕش، بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی خەبات و ڕادیۆ، هاوکارییان بکات (عەبدوڵلا، ٢٠٢٢: ١٢٣).

گرنگی ئەم قۆناغە لە ژیانی هەژاردا لە یادەوەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە چێشتی مجێوردا باسی ئەو سەردەمەی کارکردنی لە ڕادیۆ دەکات و دەڵێت: "مەکتەبی سیاسی چووە (سلێ) و من و کاک سامیش بۆ لای باڵەکایەتی بەڕێ کراین. ساڵح یووسفی کرابووە سەرپەرشتی ڕادیۆ، کە تازە پەیدامان کردبوو. لە پشت (وەڵاش) لە ناو جەنگەڵێکدا کە گۆڕی گاجووتانیان پێ دەگوت، چووینە کەپرانەوە. دەگەڵ عوسمان سەعید و دڵشاد مەسرەف و جەلال عەبدوڕڕەحمان، کە هەر سێ بێژەری ڕادیۆ بوون، لە کەپرێکدا بووین" (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٢٤).

وردەکارییەکانی زیاتری ئەم قۆناغەی کارکردنی ڕادیۆ و ستافەکەی لە سەرچاوەی دیکەشدا تۆمار کراوە. سالار عوسمان لە کتێبی (دەنگی کوردستان، نیو سەدە بەخشش)دا زانیاری گرنگ لەسەر ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغەی ڕادیۆ دەخاتە ڕوو. بەپێی نووسینەکەی، ڕادیۆ لە ناوچەی گەڵاڵەی چۆمان و لە گردی گۆڕی گاجووتان، کە دەکەوێتە پشت وەڵاش دامەزرا و ساڵح یووسفی بەڕێوەبەری بوو. لەو وێستگەی ڕادیۆیەدا کۆمەڵێک کەسایەتی دیار کاریان کردووە: سامی عەبدوڕڕەحمان، هەژار موکریانی، عەبدولخالق مەعرووف، شێخ محەممەد هەرسین، مەحموود عوسمان، ئەحمەد هەردی، سەعید ناکام، خالید ئاغای حیسامی، ئەحمەد دەشتی، شەوکەت ئاکرەیی، مستەفا ڕابەر، ئەمجەد عەبدولوەهاب، نووری ئەترووشی، عوسمان عوزێری، خەیروڵڵا محەممەد، ئەکرەم ڕەشید ئاکرەیی، دڵشاد مەسرەف، حەمید عوسمان، ئەکرەم عیزەت ئامێدی، شێرکۆ بێکەس، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ئەلبێر خوری، تاهیر بابان، جەلیل فەیلی و غالیبی ئەندازیار (عوسمان، ٢٠١٣: ٩٩).

سروشتی کاری ڕادیۆکە و هەستیاری شوێنەکەی وای دەکرد، کە دەزگای ڕادیۆی دەنگی کوردستان، وەك بەشێکی گرنگ و کاریگەری ڕاگەیاندنی شۆڕش، بەردەوام لەژێر هەڕەشەی هێزەکانی عێراقدا بێت، بۆیە ناچار بوون بەردەوام شوێنەکەی بگوازنەوە، لە گردەڕەشەوە بۆ سەردێمان، لەوێشەوە بۆ گاجووتان و دواجار بۆ بێخۆڵان لە ناوچەی چۆمان (ساڵح، ٢٠٠٧: ١٠١).

لە نێو ئەم بارودۆخە هەستیارەدا، هەژار موکریانی لە ڕادیۆدا ڕۆڵێکی فرەلایەنی هەبوو. شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە دەنووسێت: "هەژار موکریانی هەموو ئەو بابەتە وەرگێڕدراوانە و وتارانەی دەنووسران دەیخوێندەوە، دوای ئەوەی لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕێك دەخرایەوە، هەژار گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵدەکرد تا بخوێندرێتەوە" (بێکەس، ٢٠١٣: ٢٥٩). بەم شێوەیە هەژار، سەرەڕای ئامادەکردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامە، ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕێنووسی نووسراوەکانی دیکەشی لە ئەستۆ بوو.

کارکردن لەم ڕادیۆیەدا بە شێوەیەکی جێگیر نەبوو. ئازاد عوبێد ساڵح، لە ماستەرنامەکەیدا بە ناونیشانی (کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی) باس لە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ستافی ڕادیۆ دەکات. بەپێی توێژینەوەکەی، بە هۆی بارودۆخی شۆڕشەوە، گۆڕانکاری لە ئامێر، دەزگا و کارمەندەکاندا دەکرا. لە نێو ئەو کەسایەتییانەی کە بەپێی کات و سات لە ڕادیۆدا کاریان کردووە: جەلال ئەترووشی، مستەفا ڕابەر، عوسمان سەعید، تەها بابان، ئەنوەر جاف، سەیدا ساڵح یووسفی، دڵشاد مەسرەف، نووری ئەترووشی، ئەلبێر خوری، جەلال عەبدوڕڕەحمان،

شێرکۆ بێکەس، محەممەد ساڵح ئاکرەیی، خالید ئاغای حیسامی، هەژاری موکریانی، فەرەنسۆ هەریری، ڕەفیق چالاك، سەعید خەتات و بارزانی مەلا خالید..." (ساڵح، ٢٠٠٧: ٩٩).

لە نێوان ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامانەدا، لە قۆناغی دووەمی کارکردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، هەژار ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی ڕادیۆ و بەرنامەکانیدا هەبوو. هاوشانی ئەندامانی دیکەی ڕاگەیاندن، کاری ڕێکخستن و پێداچوونەوەی بە بابەتە ڕادیۆییەکان دەکرد. کەواتە کارکردنی هەژار لە ڕادیۆ هەتا ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ درێژەی کێشا، کە لەو کاتەدا پەخشی ڕادیۆ وەستا.

دواتر و لە ساڵی ١٩٧٤دا دوای شکستی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، ڕادیۆی دەنگی کوردستان جارێکی دیکە لە گوندی کۆسرەتانی چۆمان بە پەیامێکی بارزانی دەستی بە پەخش کردەوە. لەم قۆناغە نوێیەدا (٢٩ی ئاداری ١٩٧٤- ١٧ی ئاداری ١٩٧٥) دارا تۆفیق وەک بەڕێوەبەر دانرا و هەژار موکریانی وەکوو نووسەر و وەرگێڕ کاری تێدا کرد (عوسمان، ٢٠١٣: ١٢٣- ١٢٩).

سەبارەت بە کار کردنی هەژار لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان فەلەکەددین کاکەیی دەڵێت: "مام هەژار بەو ئەرکە خۆشحاڵ بوو، وەك قوتابییەکی تازە لە هەموومان باشتر گوێڕایەڵی دەوام و ئامادەی ڕۆژانەی کار بوو" (کاکەیی، 2009، 57). لەمەوە دەردەکەوێت کە هەژار موکریانی هەر وەك سەرەتا و بە جۆشەوە دەستی کردووەتەوە بە کار کردن لە ڕاگەیاندنی شۆڕش و هەمان ئەرکی پێشووی لە ئەستۆدا بووە. بەم شێوەیە، هەژار موکریانی لە هەردوو قۆناغی گرنگی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا (ئازاری ١٩٦٥- ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦) و (٢٩ی ئازاری ١٩٧٤- ١٧ی ئازاری ١٩٧٥) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و یەکێک بوو لەو کەسایەتییە دیارانەی کە بەردەوامییان بە پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا.

## دووەم: کار کردنی هەژار لە ڕۆژنامەوانی شۆڕش و چاپخانە:

ڕۆژنامەگەری یەکێك لە گرنگترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول بوو، کە لە ڕێگەیەوە پەیام و بیروباوەڕی شۆڕش بە خەڵك دەگەیەنرا. هەژار موکریانی بە هۆی شارەزایی و توانا تایبەتەکانی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا، بەشداری کاریگەری لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا هەبوو. ئەو بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ چەندین کەسایەتی تر، توانی بەرهەمی

جۆراوجۆر و بەنرخ لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی شۆڕشەوە پێشکەش بکات. لەم قۆناغەدا، چەندین ئەرکی گرنگی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی شۆڕشدا لە ئەستۆ گرتووە.

## 1- کار کردنی هەژار لە ڕۆژنامەوانی شۆڕش:

هەژار موکریانی، هاوکات لەگەڵ کارکردن لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لەسەر داوای مەحموود عوسمان لە ڕۆژنامەی خەباتیشدا کاری دەکرد (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٢٣). هەروەها لەگەڵ سامی عەبدوڕڕەحمان، ڕۆژنامەی خەبات و ئەخباری کوردستانیان وەک گۆڤارێکی هەفتانە ئامادە دەکرد، بە جۆرێک شەو تا بەیانی لەبەر چرا کاریان دەکرد (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٢٩).

لە درێژەی کارە ڕۆژنامەوانییەکانی و بە پێی ئەو ئەزموونەی کە لە ڕۆژنامەی خەباتدا پەیدای کردبوو، لە ساڵانی (١٩٦٧- ١٩٦٨)، هەژار و سامی عەبدوڕڕەحمان دوازدە ژمارەی گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)یان دەرکرد. هەژار سەرپەرشتی هەموو کارەکانی دەکرد، لە نووسینەوە تا چاپکردن (ناکام، ٢٠٠٣: ١٤٣؛ ئەحمەد، أ، ٢٠٢٣: ١٣٣). سەرەڕای ئەوەی کە هەژار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کاری کردووە، بەڵام کەمتر وەک ڕۆژنامەوان ناوی دەهێنرێت. هەرچەندە لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی بەرچاوی بە زمان، ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی کردووە، بە تایبەتی لەو وتارانەی کە لە باشووری کوردستان نووسیونی، چونکە ئەو کاتە قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتنی تەواوی هەژار بوو.

## 2- کار کردنی هەژار لە چاپخانە:

چاپخانە یەکێك بوو لە گرنگترین پێداویستییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، کە لە ڕێگەیەوە بەرهەم و بڵاوکراوەکانی شۆڕش چاپ و بڵاو دەکرانەوە. کاتێك چاپخانەی شۆڕش دامەزرا، هەژار موکریانی ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی کارەکانی چاپخانەی شۆڕشدا هەبوو.

لەبەر گرنگی کاری چاپەمەنی لە شۆڕشدا و بە سوود وەرگرتن لە شارەزایی هەژار موکریانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، چاپخانە وەک بەشێکی گرنگی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٦٣دا بایەخێکی تایبەتی پێ درا. سەرەتا لە ئاوەکورتێی ناوچەی ماوەت، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دامەزرا، بەڵام بە پێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارودۆخی شۆڕش، چاپخانەکە چەندین جار شوێنی گۆڕا، بۆ نموونە: ساڵی 1964 براوەتە سونێی قەڵادزێ، ساڵی 1965 براوەتە لێوژێی ناودەشت و هەڵشۆ- شێنی و پاشان براوەتە گوندی سورەبانی قەسرێ، لەو کاتەوە تا ساڵی 1970 لەوێ ماوەتەوە (ساڵح، ٢٠٠٧: ٣٥).

سەبارەت بە قۆناغەکانی کارکردنی هەژار لە چاپخانەی شۆڕشدا، خۆی لە یاداشتەکانیدا باسی دەکات و دەنووسێت: "هێندێک لە ساڵی ١٩٦٥ و نزیکەی هەشت مانگ لە ساڵی ١٩٦٦ لە لێوژە لە سەر چاپەمەنیی شۆڕش مامەوە، کاک سامی هاوکارم بوو. پێشمەرگەی چاپخانەمان: سەعید ئەبووشامیل، مەسیحییەکی عەرەب بوو، زۆر لە کاری چاپ زانا بوو، سەفەری فەیلی، مەجید کەساس و... چەند کەسێکی دیکە" (موکریانی، ٢٠١١: ٤٣٦).

لە ئاکامی لێهاتوویی و سەرکەوتنی هەژار لە کارکردن و بەڕێوەبردنی چاپخانەدا، لە ساڵی ١٩٦٦دا هەژار کرا بە بەرپرسی چاپخانە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٢٣). ئەم متمانەیە بەڵگەیە بۆ توانا و لێهاتوویی هەژار لە بەڕێوەبردنی کاروباری چاپخانە و نیشانەی باوەڕی تەواوی سەرکردایەتی شۆڕشە بە کەسایەتی هەژار.

لە کۆی ئەم کارە چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانییانەی هەژار موکریانی، دەتوانین بڵێین کە هەژار موکریانی لە بواری ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا، ڕۆڵێکی بەرچاو و هەمەلایەنەی گێڕاوە. بەرپرسیارێتی و چالاکییەکانی لە سێ ئاستی سەرەکیدا بەرجەستە بوون. یەکەم: لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، کارەکانی وەك نووسەر، وەرگێڕ و پێداچوونەوەی زمانەوانی بەڕێوە بردووە. ئەم بەرپرسیارێتییە چەند لایەنێکی گرنگی لەخۆگرتووە، بەتایبەت لە ڕووی پاراستنی پوختی و دروستی زمانی کوردی لە پەخشەکانی ڕادیۆدا. دووەم: لە بواری ڕۆژنامەگەریدا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش کردووە. کارەکانی لەم بوارەدا ئەنجام داوە و بەشداری کاریگەری لە گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەری شۆڕشدا هەبووە. سێیەم: بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی چاپخانەی شۆڕش، کە ئەرکێکی گرنگ و هەستیار بووە لەو سەردەمەدا. لەم پۆستەدا، بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە چاپکراوەکانی شۆڕشی لە ئەستۆ بووە. بەم شێوەیە، دەتوانین بڵێین کە هەژار موکریانی لە ڕێگەی ئەم چالاکییە فرەڕەهەندانەیەوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دارشتن و پەرەپێدانی سیستەمی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوولدا گێڕاوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سێیەم: ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی هەژار موکریانی لە نێوان ساڵانی (1970- 1974):

قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، سەردەمێکی تایبەت و گرنگ بوو لە مێژووی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری کوردیدا. ئەم قۆناغە کە تا ساڵی ١٩٧٤ی خایاند، بە هۆی کەشی سیاسی گونجاو و ئەو مافانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەدا بۆ کورد دەستەبەر کرابوون، دەرفەتێکی باشی بۆ گەشەی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕەخساند. گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد و کۆمەڵێک دەزگای گرنگی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی دامەزران. هەژار موکریانی، وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم بوارە، لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا.

لە درێژەی باسکردنی ئەم گەشەسەندنەی ڕۆژنامەوانی کوردیدا و لە تەنیشت ڕۆڵی هەژار موکریانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، قۆناغێکی گرنگ و جیاواز دەردەکەوێت؛ ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٤) سەردەمێکی گرنگ بوو بۆ ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردی. لەم ماوەیەدا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی لە بەغدا دەرچوون. لەوانە: گۆڤارەکانی پەروەردە و زانست، نووسەری کورد و کۆڕی زانیاری کورد (میرە، ٢٠١٢: ٧٦- ٧٧).

ئەو چوار ساڵە ماوەی زێڕینی ڕۆژنامەوانی کوردی بوو، چونکە تا ئەو کاتە چ بە دەرچوونی ئەو ژمارە زۆرەی گۆڤار و ڕۆژنامە، چ لە ڕووی تایبەتمەندی و بواری پسپۆڕی و هەروا لە ڕووی شێوە و ناوەرۆك و هونەری ڕۆژنامەوانیش قەڵەمبازێکی گەورە بوو، ئەگەرچی پسپۆڕی لە بواری ڕاگەیاندن نەبووە، بەڵام ئەوانەی کاریان کردووە بە سەلیقە و کارامەیی و خۆشەویستییان بۆ کارەکەیان سەرکەوتوو بوون و دواتر جێ پەنجەیان دیار بووە، لەوانە: ڕەمزی قەزاز، ساڵح یووسفی، هەژار موکریانی، ڕەفیق چالاك، عەلی نەقشبەندی، مستەفا نەریمان و محەممەد مەولوود مەم و ... (ساڵح، ٢٠٠٧: ١٨٧).

لە سایەی ئەم کەشە گونجاوەی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار و وەستانی شەڕ، هەژار نێردرایە بەغدا بۆ ڕێکخستنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی کورد. هەژار خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێت: "یەکێتی ئەدیبانی کورد لە بەغدا دادەمەزرا، کە تێکەڵاو لە ئەدیبانی شیوعی و پارتی و بێ لایەن بوو، لە هەڵبژاردندا منیان بۆ سەرۆک کاندید کرد، بە زۆربەی ڕەئی من بە سەرۆک هەڵبژێردرام" (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٦٤).

سەرەڕای کارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی لە یەکێتی نووسەراندا، هەژار لەم ماوەیەدا چەند بەرهەمێکی گرنگی پێشکەش کرد. شەرەفنامەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاوی کردەوە. هەروەها کتێبی هۆزی لەبیرکراوی گاوان و گاوانییە بەناوبانگەکانی وەرگێڕا، کە لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بڵاو کرایەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٤٦؛ ئەحمەد، أ، ٢٠٢٣: ٢٣٢).

لە درێژەی کارە ڕۆژنامەوانییەکانیدا، ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا، هەژار لەگەڵ ڕەفیق چالاک و کۆمەڵێک نووسەری دیکە، خەریکی دەرکردنی هەفتەنامەی برایەتی بوون، کە پاشکۆی ڕۆژنامەی عەرەبی زمانی (التاخی) بوو. ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچوو (ئەحمەد، أ، ٢٠٢٣: ١٣٤).

لەم قۆناغە چالاکییەکانی هەژار تەنیا سنووردار نەبوو بە کاری ڕۆژنامەوانی و دەرکردنی هەفتەنامە، بەڵکوو هەژار موکریانی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، چالاکی فراوانی لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا هەبوو. جگە لە وەرگێڕانی کتێب، چەندین وتاری لە گۆڤارە جیاوازەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاو کردەوە، بۆ نموونە: لە گۆڤاری نووسەری کورد: نەوا سوێر، نەوا بێ خوێ (ژمارە ٢، ١٩٧١: ٥١- ٥٦)، حاڵی عەرزم بووی؟ (ژمارە ٣، ١٩٧١: ٢٩- ٣٥). (منالانمان هان بدەین)، لە گۆڤاری پەروەردە و زانست (ژ 1، 1971: 30- 37). (بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە)، لە گۆڤاری هەولێر (ژ 4 و 5: 1971: 7- 10)، (کورد و سەربەخۆیی زمان)، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (ژ 2، 1973: 280- 323) (ئەحمەد- ج، ٢٠٢٣: 83 و 89).

لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە ئارامەی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری کوردی و هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، کاتێک لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێ کردەوە (حاجی، ٢٠١٨: ٢٠٩)، ئیدی ئەندامانی یەکێتی نووسەران چوونە چیا بۆ تاوتوێ کردنی هەلومەرجی نوێ و داڕشتنی پلانی داهاتوو. هەژار موکریانی لەگەڵ چەند نووسەری ناسراوی دیکە دەستەیەکیان بۆ ڕێکخستنەوە پێک هێنا و بەیاننامەیەکیان نووسی. هەر لەو ماوەیەدا هەژار جارێکی دیکە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستبەکار بووەوە (کاکەیی، ٢٠٠٩: ٥٧).

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین کە ئەو چوار ساڵە یەکێک بوو لە پڕ بەرهەمترین قۆناغەکانی ژیانی هەژار موکریانی لە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریدا. سەرۆکایەتی یەکێتی نووسەرانی کورد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسینی وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامە جیاوازەکان، وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی گرنگ و بەشداری لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی چەندین دەزگای ڕۆژنامەوانی، هەموویان نیشانەی ئەو ڕۆڵە بەرچاوەن کە هەژار موکریانی لەم قۆناغەدا گێڕاویەتی. بەڵام دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا، ئەم سەردەمە زێڕینەی ڕۆژنامەگەری کوردی کۆتایی هات و هەژاریش وەک زۆربەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد، جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ شاخ و درێژەی بە خەباتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا.

## باسی سێیەم: بارودۆخی هەژار موکریانی لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا:

شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥، وەرچەرخانێکی مێژوویی و تراژیدی بوو لە ژیانی هەژار موکریانیدا. ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر دوا ڕۆژەکانی هەژار لە شۆڕش، چۆنیەتی گەڕانەوەی بۆ ئێران و ئەو زیانە گیانی و ماددییانەی کە بەری کەوت.

کۆتایی شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتی هەژار، وەک درێژەی ئەو کۆچ و دەربەدەرییانە بوو، کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی تێیدا خەرج کردبوو. دیارە هەژار "هەر لە سەرەتای ژیانی لاویەتییەوە بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە ناو شاخ و کون و گەلا و قوژبنی ئەشکەوت و بن بەردی کوردستان، یان لە وڵات بەدەری و کۆڵان گەڕیدا خەرج کردووە، ژیانێکی گەلێ سادە و سەخت و ناخۆش و پڕ ئێش و ئەشکەنجەی بەسەربردووە، دەورێکی گرنگ و کاریگەری لە ژیانی پێشمەرگەیی و بواری سیاسییدا بینیوە" (غالب، 1998: 173).

لە کۆتایی شۆڕشدا، کاتێک سەرکردایەتی شۆڕش لە حاجی ئۆمەران خۆی بۆ چوونە ئێران ئامادە دەکرد، هەژار نیگەرانییەکی قووڵی هەبوو. ئەو لەبەر مەترسی گیانی، بە بارزانی گوت: کە گەڕانەوەی بۆ ئێران مەترسیدارە. لە بەرامبەردا بارزانی دڵنیایی کردەوە و پێی گوت: "تا لەگەڵ مندا بیت پارێزراو دەبیت" (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٩٢).

بەپێی یاداشتەکانی هەژار لە چێشتی مجێوردا، چۆنیەتی گەڕانەوەی بۆ ئێران بەم شێوەیە باس دەکات: دوای ئەوەی بارزانی لە سەفەرێکی تاران گەڕایەوە، گوتی: لەگەڵ شا دەربارەی تۆ قسەم کردووە، کە هەژار چەند ساڵە دۆستی منە و هاوکاری کردووم و دەبێ ببەخشرێ. شا قەولی داوە کە دۆسیەکەت نەکەوێتە کار، با بێتەوە ئێران. دە ئێستا خۆت حازر بکە و بچۆ ورمێ و خۆت بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(سەیادیان) بناسێنە، لەگەڵ مانگی بەفرانباری ساڵی 1975 لەگەڵ بارزانی چوومەوە ئێران و چاوم بە (سەیادیان) کەوت و گوتی: ئیتر تازە کەس باست ناکا (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٩٤- ٤٩٥). جارێکی دیکەش بارزانی توانی مەترسی لەسەر ژیانی هەژار لە ئێران لابەرێت. ئەم هەڵوێستەی بارزانی بوو بە هۆی ئەوەی کە هەژار بتوانێت بگەڕێتەوە ئێران و تا کۆچی دوایی لەوێ بژیا.

جیا لە گەڕانەوە بۆ ئێران، مەرگی شۆڕش لە ڕوانگەی هەژارەوە، مەرگی خەونێکی گەورەتر بوو؛ چونکە کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دەروونی هەژار بەجێ هێشت. لە چێشتی مجێوردا بە دڵتەنگییەوە دەنووسێت: لە ژیانمدا ڕۆژی وا تاڵم نەدیبوو. پێشمەرگەی کوردستان دەستە دەستە دەهاتن، بە دەنگی بەرز دەگریان، تفەنگیان دەشکاند و دە چۆمیان داویشتن... لەوە تاڵتر نابێت: پازدە ساڵ بە ئاواتی ئازادیی کوردستان خۆت لە بەرانبەر گوللەی (فیشەك) داگیرکەراندا ڕاگرتبێ، ئەو هەمووو کوشتەت دابێ، ئەو هەمووەت لە دوژمن کوشت بێ، ئێستا بە جارێک هەموو ئاواتت تێک ڕووخابێ و بێهومێد و هەناسەسارد کەوتبیە دەشتەوە... لەو کاتەدا کە بەعس بەڵێنی لێبوردنی بە پێشمەرگەکان دەدا و هەر کەسێک خۆی ڕادەست دەکرد دەیکوشت، هەژار چووە لای بارزانی لە کوێستانی حاجی ئۆمەران و پێی گوت: کاکە! تا ئێستا خزمەتکارێکی کوردستان بووم؛ تۆشم بە دروشمی ئەو خزمەتە زانیوە... (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٩٧). بێگومان کۆتایی شۆڕش بۆ هەژار زۆر سەخت و پڕ ئازار بوو، 14 ساڵ لە نێو ڕووداوەکانی شۆڕشدا بوو، هەموو هیوا و ئاواتێکی بەم شۆڕشە هەبوو، بە ئومێدی ئەوەی کورد بە مافەکانی خۆی بگات.

هەر وەک چۆن کۆتایی شۆڕش کاریگەرییەکی دەروونی گەورە بوو، زیانە مادییەکانیشی کەم نەبوون، شکستی شۆڕش تەنیا کۆتایی هیواکانی هەژار نەبوو، بەڵکوو هەموو سەروەت و سامانیشی لەدەستدا. لە چێشتی مجێوردا بە وردی باسی ئەمەی کردووە: شەوێك سەعات دووی پاش نیوەشەو پیاوی ئەمنی بەعسی ڕژابوونە ماڵەکەم، کلیلی هەموو ژوورەکان و دەرکەیان لە مەعسووم ساندبوو، بێ ئەوەی بهێڵن ژن و منداڵ جلکی خەو بگۆڕن، یان جلکیان هەڵگرن، ڕەپێچەکیان دابوون، مەعسووم هەر ئەوەندی پێکرابوو دینار و ڕوبعێك (بیست و پێنج تمەن) لەسەر تەلەفزیۆن دەست بداتێ، ئیتر سواری کامیۆنیان کردبوون، بردبوویاننە ئیدارەی ئەمن، لەوێشەوە دەگەڵ چەند ماڵێکی دیکە، کە بەوانەوە دەبوونە سەد، بە سەحرادا هێنابوویانن و لە هەولێرەوە دەرچووبوون و لە خوار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوینەهەواری سەلاحەددین دایانبەزاندبوون... جا بزانین من کە نزیکەی سی ساڵ زەحمەتیم کێشاوە، ئەویش زەحمەتی فەرهاد چم لێ سێندرابوو: هەشت هەزار و شەش سەد دیناری عێراقی، چوار سەد مسقاڵ زێڕ و خشڵی ژن، پڕی شەش وەتاغ مافوورەی ئێرانی، کتێبخانەکەم کە قەت بە ملیۆنان دیناریشم نەدەدا، 228 جلد شەرەفنامە، ئەو هەموو عەکسە یادگارییانە و خولاسە بایی نزیکەی دوازدە هەزار دینار و خانووێکی ئیسکان، کە تەنیا قیستی پێنج ساڵی مابوو، تەلەفزیۆن و چەند ڕادیۆ، فرگازی ئیتالی و جل شۆر و هەموو کەلوپەلی ماڵی تەیار و سازی شارستانی، مۆبلی هەرە چاك، هەمووی لە سەعاتێکی نیوەشەودا دەستی بەسەرداگیرا، ئیدی هاتمەوە سەر سیفر (موکریانی، ١٣٩٢: ٤٩٣- ٤٩٤).

لە سایەی ئەم هەموو زیانە دەروونی و ماددییانەدا، هەژار دوو خەمی گەورەی هەبوو، یەکەم: بە ئەنجام نەگەیشتنی شۆڕش و ونبوونی ئاواتەکانی گەلی کورد. دووەم: لەناوچوونی ئەو ماڵ و سامانەی کە بە ڕەنج و ماندووبوونی چەندین ساڵ کۆی کردبووەوە. ژیانی دواتریشی لە کەرەج هیچ خۆشییەکی تێدا نەبووە. لە نامەیەکیدا بە خەمبارییەوە نووسیویەتی: "منێکی لە کەرەج قەتیسماو، لێقەوماو، دەرودەرەتان نەماو، ئۆقرە لێهەڵگیراو، بۆ دوو دەنک کوردی سادە بە هەوادا دەچم" (موکریانی، ٢٠٠٣، ژ ٣٩- ٤٠: ٦٣).

وەک دەرەنجامی ئەم هەموو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانە، بەم شێوەیە کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول، کۆتایی قۆناغێکی گرنگ بوو لە ژیانی هەژار موکریانیدا. ئەو قۆناغەی کە 14 ساڵی تەمەنی تێدا بەخشی و هەموو هیوا و ئاواتەکانی بە سەرکەوتنی شۆڕشەوە بەستبووەوە. بەڵام تەنیا وەفاداری و پشتیوانی بارزانی بوو کە توانی ڕێگە بۆ ژیانێکی نوێ لە ئێران بکاتەوە، هەرچەندە ئەم ژیانە نوێیەش، وەک خۆی لە نامەکانیدا دەری دەخات، پڕ بوو لە خەم و حەسرەت بۆ کوردستان و ئاواتە بەدینەهاتووەکانی شۆڕش.

## ئەنجام

هەژار موکریانی لە سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە بەشداری چالاکانەی لە بزووتنەوەی سیاسی کورددا کردووە. بەشداری لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دواتر ئاوارەبوونی بۆ باشووری کوردستان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی سیاسیدا کە بە پەیوەندیکردن بە شۆڕشی ئەیلوولەوە تەواو بوو.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، هەژار تەنیا وەک رووناکبیرێک نەمایەوە، بەڵکوو وەک پێشمەرگەیەکی چالاک لە سەنگەرەکانی شەڕدا بەشداری کرد. بۆچوون و سەرنجەکانی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە رێزی لێ گیراوە و پرس و راوێژی پێ کراوە.

رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی راگەیاندنی شۆڕشدا هەبوو، بە تایبەتی لە رادیۆی دەنگی کوردستان و رۆژنامە و چاپخانەی شۆڕش. لە قۆناغی (١٩٧٠- ١٩٧٤)دا، کە سەردەمی زێڕینی رۆژنامەگەری کوردی بوو، توانی بەرهەمی گرنگ پێشکەش بکات.

پەیوەندی نێوان هەژار و بارزانی تەنیا پەیوەندییەکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو پەیوەندییەکی رۆحی و مەعنەوی بوو. بارزانی چەندین جار ژیانی هەژاری پاراست و لە کۆتاییشدا توانی رێگە بۆ گەڕانەوەی بۆ ئێران خۆش بکات.

هەژار لە پێناو شۆڕشی ئەیلوولدا قوربانی زۆریدا. لە ساڵی ١٩٧٥ و کۆتایی شۆڕشدا، سەرجەم سەروەت و سامان و ماڵی لەدەست چوو.

وەفاداری بۆ باشووری کوردستان:

سەرەڕای ئەوەی کوردێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام لە دوای پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول، بە تەواوی خۆی بۆ خزمەتی باشووری کوردستان تەرخان کرد و پەیوەندی سیاسی لەگەڵ رۆژهەڵات پچڕاند.

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان

### پەراوێزەکان:

(1) حیزبی ئازادیخوازی کورد: یەکەم رێکخراوی سیاسی کوردییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ دامەزرا. ئەم حیزبە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی رەزا شا و لە دۆخێکی پڕ سەرکوت و مەترسیدا بە شێوەیەکی نهێنی دروست بوو. لە دامەزرێنەرانی سەرەکی ئەم حیزبە دەتوانین ناوی عەزیز مەلا زەندی (کە بە عەزیز ئەڵمانی یان دکتۆر عەزیز زەندی ناسراوە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک سەرۆک، هەروەها حوسێن فروهەر، کەریم یاهوو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میکائیلی و محەممەد نانەوازادە، وەك ئەندام بهێنین، کە زۆربەیان لاوی ڕووناکبیری مەهاباد بوون (بازیار، 2020: 52 -53).

(2) حیزبی هیوا: یەکێک لە گرنگترین حیزبە سیاسییە کوردییەکان بوو کە لە دەیەی چلەکانی سەدەی بیستەمدا چالاکی دەکرد. سەبارەت بە شوێنی دامەزراندنەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەشێک دەڵێن لە کەرکووک و بەشێکی دیکە دەڵێن لە هەولێر دامەزراوە. ئەم حیزبە سنووری کارکردنی فراوان بوو و دەگەیشتە ئێران و تورکیا، پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا هەبوو. ڕێبەرایەتییەکەی لە ڕەفیق حیلمی وەک سەرۆک، نووری شاوەیس وەک جێگری سەرۆک و دڵدار وەک سکرتێر پێکهاتبوو (فاتیح، 2012: 99- 100).

(3) ساواک (سازمان اطلاعات و امنیت کشور- ڕێکخراوی زانیاری و ئەمنیەتی وڵات)، دەزگای هەواڵگری و ئاسایشی ئێران بوو، کە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرێنرا. ئەم دەزگایە دوای کوودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣ و لە چوارچێوەی کەشی سیاسی ئەم قۆناغەدا پێکهات. لە ماوەی ٢٢ ساڵ چالاکیدا، ساواک بە یەکێک لە ترسناکترین دەزگا سەرکوتکارەکانی ناوچەکە ناسرا و ڕۆڵی لە پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری محەممەد ڕەزا شادا گێڕا. چالاکییە بەردەوامەکانی ساواک لە پێشێلکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاووڵاتییان، لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازە دژە مرۆییەکان، کاردانەوەی بەرفراوانی کۆمەڵگای ئێرانی لێکەوتەوە. ئەم کردارانە لە کۆتاییدا بوونە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی ڕژێمی پەهلەوی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شاهدی، ١٣٨٦).

(4) ڕادیۆی دەنگی کوردستان: یەکێک لە گرنگترین دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنەکەی بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام پشتڕاستکراوترین بۆچوون ئەوەیە کە ڕادیۆکە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ئابی ١٩٦٣ دەستی بە پەخش کردووە، پەخشەکەش بە گوتەیەکی مستەفا بارزانی کراوەتەوە. دواتر ڕۆژی شەممە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٣ بە فەرمی وەک ڕۆژی دامەزراندنی دەنگی کوردستان دانراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عوسمان، 2013: 67- 69).

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبەکان:

### أ- کتێبە کوردییەکان:

ئەحمەد- أ، زامدار، (2023): هەژار موکریانی (ژیان و ڕەنگدانەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا)، چاپی یەکەم، ناوەند ڕۆشنبیری مەم و زین، هەولێر.

ئەحمەد- ب، زامدار، (2023): هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.

ئەحمەد- ج، زامدار، (2023): بیبلیۆگرافیای بەرهەمەکانی هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.

ئەلعامری، عەبدولخالق ناسڕ (دکتۆر)، (2021): بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (1931- 1975)، وەرگێڕانی: ئەرکان شاربازێری، بڵاوکراوەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆك، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.

بارزانی، مەسعوود، (2004): بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول 1961- 1975)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بازیار، سمایل، (2020): کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (1945- 1991)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بێکەس، شێرکۆ، (2013): نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، بەرگی دووەم، سلێمانی، بڵاوکراوەی غەزەلنووس.

حاجی، شۆڕش (دکتۆر)، (2018): ناسیۆنالیزمی کوردی و پەرچەکردار (ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەکان 1963- 2003، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ماد، تاران.

حەکیمزادە، فەرەیدوون، (1399): هەژار لە لووتکەدا (بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار)، چاپی دووەم، انتشارات راژە، مەهاباد.

خەزنەدار، مارف (دکتۆر)، (2006): مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم- B، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵح، ئازاد عوبێد، (2007): کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی (1961- 1975)، وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

عوسمان، سالار، (2013): دەنگی کوردستان (نیو سەدە بەخشش)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

غالب، ئۆرخانی، (1998): نەمری لە ئەدەبدا (ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێك شاعیر)، چاپی یەکەم، سوید.

فاتیح، محەممەد، (2012): حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان (1910- 2010)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

موکریانی، هەژار، (1392): چێشتی مجێور، چاپی یەکەمی پەخشانگای ئانیا، بڵاوکراوەی کتێبی کانی، سنە.

میرە، ئەحمەد، (2012): کاریگەری بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان (1970- 2003)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

مەلا خالید، بارزان، (2005): هەژارێکی دەوڵەمەند وەکو پێشمەرگە... وەکو شاعیر، فێستیڤاڵی هەژاری موکریانی (3-5/ تشرینی دووەم/ 2002)، ئامادەکردنی: شەماڵ حەویز و کەریم سۆفی، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، هەولێر.

ناکام، سەعید، (2003): بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

## ب- کتێبە فارسییەکان:

ابراهیمی، شیرین، (1393): شرح اثار و احوال عبدالرحمان شرفکندی (هەژار)، نشر شمیم، سنندج.

سپهرالدین، ابوبکر، (1394): شرح حال و اثار زبدەای از شعرای منطقەی مکری که با حضرت شیخ شمس‌الدین برهانی -قدس سره- پیوند اعتقادی داشتەاند، انتشارات جنگل، تهران.

شاهدی، مظفر، (1386): ساواک (سازمان اطلاعات و امنیت کشور 1357- 1335)، موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، چاپ دوم، تهران.

## دووەم: نامە ئەکادیمییەکان:


حەویز، ماکۆك مەولوود، (2008): لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرەکانی هەژار، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی بەشی ئەدەبی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەڵاحەدین کراوە.

عەبدوڵڵا، هەمزە ئەحمەد، (2022): هەژار موکریانی: ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری (1921- 1991)، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی بەشی مێژوو- فاکەڵتی ئاداب- زانکۆی سۆران کراوە.

مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، (2022): ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠ (توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسی)، تێزێکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە.


## سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

### أ- گۆڤارەکان:


کاکەیی، فەلەکەددین، (2009): یادێك لە مام هەژار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 145.

موکریانی، هەژار، (2003): یادی یاران، چەند نامەی ئەدەبی لە: جەمیل ڕۆژبەیانی، هەژار، هێمن، بۆ محەممەدی قازی، نافیع مەزهەر، د. عەزیز، (کاك نافیع گیان قەزات گرم)، نامەی هەژار موکریانی بۆ نافیع مەزهەر، گۆڤاری گزینگ، سوید، ژمارە 39 و 40.

هەژار (1971): بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە؟، گۆڤاری هەولێر- گۆڤارێکی مانگانەیە، شارەوانی هەولێر دەری دەکات، ساڵی یەکەم، ژمارە 4 و 5.

هەژار، (1971): حاڵی عەرزم بووی؟، گۆڤاری نووسەری کورد، بەغداد، ژمارە 3.

هەژار، (1971): مناڵانمان هان بدەین، گۆڤاری پەروەردە و زانست، گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستییە بە سێ مانگ جارێك دەردەچێ، ساڵی یەکەم، بەغداد، ژمارە 1.

هەژار، (1971): نەوا سوێر، نەوا بێ خوێ، گۆڤاری نووسەری کورد، بەغداد، ژمارە 2.

هەژار، (1973): کورد و سەربەخۆیی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە 2.


### ب- ڕۆژنامەکان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مازووچی، سەعدوون، (2015): دیدار لەگەڵ زەینەب شەرەفکەندی، هەفتەنامەی وشە، ژمارە 84.

---

# The Role of Hazhar Mukriani in the September Revolution (1961-1975)

**Dr. Rafeq Rahman Mamxul**
Department of Administration, Paitaxt Technical institute, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: rafeeq.rahmen@gmail.com

## Abstract
Hejar Mukriyani stands as a prominent figure in Kurdish history. Following the fall of the Kurdistan Republic in 1946, he sought refuge in Southern Kurdistan (Iraqi Kurdistan). After Mustafa Barzani's return from the Soviet Union to Iraq, Hejar established a lasting alliance with him, permanently joining Barzani's movement.
During the September Revolution (1961-1975), Hejar Mukriyani served both as a Peshmerga fighter and journalist, making significant contributions particularly in the revolution's media operations. Although primarily known as a poet and literary figure, his role as a journalist remains less recognized despite its considerable impact.This research aims to thoroughly examine Hejar Mukriyani's role in the September Revolution (1961-1975), both as a Peshmerga fighter and journalist.This research adopts a descriptive-historical approach, founded on the collection and presentation of historical data regarding Hejar Mukriyani's role in the September Revolution.The research seeks to address key questions: What was Hejar's role and influence in the revolution's media operations? What was his position and contribution as a Peshmerga within the September Revolution?

***Keywords***: *Hejar Mukriyani, September Revolution, Peshmerga, Revolutionary Media, Kurdish Journalism*

# دور هژار مكرياني في ثورة أيلول (1961- 1975)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**
يُعد هژار مكرياني شخصية بارزة في التاريخ الكردي. ففي عام 1946، وإثر سقوط جمهورية كردستان، لجأ إلى كردستان الجنوبية (العراق)، وبعد عودة مصطفى البارزاني من الاتحاد السوفيتي إلى العراق، انضم إليه والتزم بحركته بشكل دائم.شارك هژار مكرياني في ثورة أيلول كمقاتل بيشمركة وصحفي، وكان له دور بارز وتأثير كبير خاصة في الإعلام الثوري. وعلى الرغم من شهرته كشاعر وأديب، إلا أن دوره كصحفي لم يحظَ بالاهتمام الكافي رغم أهميته.يهدف هذا البحث إلى دراسة تفصيلية لدور هژار مكرياني في ثورة أيلول، كمقاتل بيشمركة وصحفي.تستند هذه الدراسة إلى المنهج الوصفي التاريخي، المبني على جمع وتقديم البيانات التاريخية المتعلقة بدور هەژار موكرياني في ثورة أيلول.يسعى البحث للإجابة على الأسئلة التالية: ما هو دور هژار وتأثيره في الإعلام الثوري لثورة أيلول؟ وما هو موقعه ومساهمته كمقاتل بيشمركة في الثورة؟

**الكلمات المفتاحية:** هژار مكرياني، ثورة أيلول، بيشمركة، الإعلام الثورة، الصحافة.